# هەڵسووکەوتی نادیموکراتیانە و دژی ئازادی ڕێبەرایەتی حزبی کۆمۆنیستی ئێران بەرامبەر بە هاوڕێ عەبدوڵای خۆش پەیام مەحکوم دەکەین.

لە ماوەی چەند ڕۆژی رابردودا ئێمە کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی کۆمەلە و هەڵسووراوانی کرێکاری لە سلێمانی و دەوروبەری بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵەوە پەیامێکی پیرۆزبایمان لە سەر سایتە ئینتەر نێتیەکان بلاو کردەوە، بە دوای ئەو کارەی ئێمەدا رابەری حزبی کومونیست تەواوی هەوڵەکانی خۆی خستەکار بۆ ئەوەی بە هەرەشەو بانگهیشت کردن و برینی یارمەتی و هتد... ئەوکەسانە لە هەلویستەکەیان پەشیمان بکاتەوە و لە درێژەی ئەو کارەیدا ڕۆژی پێنج شەممە٢٠٠٩/٢/١٩ هاوڕێ عەبەولای خوش پەیام ناسراو بە ئەبوبەکری نانەوا لە سیما خوشەویست و دێرینەکانی بزوتنەوەی کرێکاری شاری سەقز و پێشمەرگەی چەند ساڵەی کومەڵە کە چەند جارێک هەم لە سەردەمی رژێمی پاشایەتیدا و هەم لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا رەوانەی ئەشکەنجەگاکان کراوە، لە لایەن نوێنەرایەتی حزبی کومونیستەوە لە سلێمانی بانگهێشت کراوە و پێی راگەیەندراوە کە یارمەتی مانگانەکەی کە تاقە بژێوی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی بوو بڕاوە و لەمە بە دواوەش بۆی نیە سەردانی هیچ مقەرێکی ئەو حیزبە بکات و پاشان لە لایەن ئەندامانی ئەو حیزبەوە سوکایەتی و بێرێزییەکی زۆری پێدەکرێت، ئەو هەڵسوکەوتەی ئەوان بەرامبەر بە هاوڕێ عەبدوڵای خوش پەیام، دژی ئازادی رادەربرینەو نەک هەر نامۆیە بە سونەت و پرنسیبە شۆڕشگێڕانەکانی کۆمەڵە، بەڵکوو نامۆیە لەگەڵ هەر فەرهەنگێکی سیاسی پێشکەوتوو، دیارە ئەمە یەکەم هەڵسوکەوتی ناشۆڕشگێڕانەی رابەری ئەو حیزبە بەرانبەر بە بیر جیاوازانی ناو خۆی نیە، بەڵکوو ئەو جۆرە هەڵسووکەوت کردنە بەرامبەر بە رەخنەگران و بیر جیاوازان دەیان و سەدان جار دوپات بۆتەوە و بۆتە دیاردەیەکی باو لە نێو ئەو حیزبەدا.

بۆ نموونە ئێمە تێکۆشەرانی کۆمەڵە لە سلێمانی و دەوروبەری دانە دانەمان هەر کامەو بە شێوازێک لەگەڵ وەها کردەوەیەکی دژی ئازادیانەی رابەری ئەو حیزبە بەرەوڕوو بووین.

وەها هەڵسوکەوتێک بەرانبەر بە پەنابەرانی سیاسی و تێکۆشەرانی کۆمەڵە، دەری دەخات کە ئەو حیزبەو رابەریەکەی هیچ وەفایەکیان بە تێکۆشەرانی دێرنی کۆمەڵە و بزوتنەوەی کرێکاری و ڕێبازە شۆڕشگێڕانەکانی کۆمەڵە نەماوە وبۆ پاراستنی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی خۆیان ڕۆژانە پرنسیپەکانی کۆمەڵە پێشێل دەکەن و هەوڵ دەدەن بۆ لەناو بردن و بەدناو کردنی کۆمەڵە.

رابەری حزبی کومۆنیست بە سوئیستفادە کردن لە هەلومەرجی نالەباری ژیانی ئێمە پەنابەرانی سیاسی، هەوڵدەدات بەم شێوەیە سیاسەتی خەفەقانی خۆی بەو جۆرەی لە ئۆردوگاکەیدا بە سەر بیرجیاوازانیدا زاڵ کردوە، لە دەرەوەی تەشکیلاتەکەشی زاڵی بکات بۆ ئەوەی پەردەپۆشی راستیەکانی ناو حیزبەکەی بکات، بۆیە ئێمە ئەو کردەوە ناشۆڕشگێڕانەیە مەحکوم دەکەین و هیوادارین حیزب و رێکخراوە و کەسایەتییە چەپ و ئازادی خوازەکان ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە پۆلیسیانەی رابەری ئەو حیزبە مەحکوم بکەن و لە دژی بوەستنەوە.

**بژی ئازادی رادەربڕین**

**بژی کۆمەڵە**

**(کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی کۆمەڵە لە شاری سلێمانی و دەوروبەری)**

**٢٠٠٩/٢/٢٠**